# فیقهی ڕۆژوو

شەیخ :

## هیثم بن جمیل سرحان

**مامۆستا لە پەیمانگای حەرەمی مەدینە**



WWW.ATTASSEEL-ALELMI.COM

## بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

ڕۆژوو: لە زمانەوانیدا واتە خۆگرتنەوە .

لە شەرعدا : پەرستنی خوای گەورە بە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و هەموو ئەوانەی ڕۆژوو دەشکێنن ، لە دەرچوونی فەجری ڕاستەوە تا خۆر ئاوابوون .

### پایەکانی ڕۆژوو

١/ نیەت.

٢/ خۆگرتنەوە لەوانەی ڕۆژوودەشکێنن.

### بەشەکانی نیەت لە ڕۆژوودا

١/ نیەتی فەرز : نیەتی ڕۆژووی فەرز پێویستە لە شەوەوە دابمەزرێت واتە پێش فەجر ، وە گرێدانی نیەت بە چوونە ناو مانگی ڕەمەزانەوە بەسە ، وە جێگاکەی دڵە و وتنی بە زمان بیدعەیە .

٢/ نیەتی سوننەت : دروستە لە هەر کاتێکی ڕۆژدا نیەت بهێنێ بە مەرجێ پێش ئەوە هیچ شتێکی نەخواردبێت ، بەڵام پاداشتەکەی لە کاتی نیەتەکەوە بۆی دەنوسرێت .

### بەشەکانی ڕۆژوو

١/ واجیب ( ڕەمەزان و کەفارەتەکان و نزرەکان).

٢/ سوننەت .

### مەرجەکانی واجیب بوونی ڕۆژووی ڕەمەزان

١/ ئیسلام .        ٢/ عەقڵ .

٣/ بالغبوون (وە ئەو منداڵەی شتەکان لەیەك جیادەکاتەوە هان دەدرێت بۆ ڕۆژوو گرتن و خاوەنەکەی فەرمانی پێ دەکات) .

٤/ نیشتەجێ بوون (ڕۆژوو لەسەر کەسی موسافیر واجیب نییە ، وە باشتر وایە ڕۆژوو بگرێت ئەگەر پێی نارەحەت نەبێت (چونکە پێغەمبەری خوا گردوویەتی و زووتر ئەو ئەرکە لەسەری نامێنی و ئاسانترە لەسەر کەسی (مکلف) و فەزڵی مانگەکەشی دەست دەکەوێت).

٥/ تەندروست بێت.

٦/ لە سووڕی مانگانە و زەیسانیدا نەبێت (بۆ ئافرەتان).

### نەخۆشی لە ڕۆژوودا دوو بەشە :

١/ نەخۆشییەك ئومێدی چاکبوونەوەی لێ ناکرێت ، وە کەسی گەورە و بێ توانا لە ڕۆژووگرتن دەگرێتەوە ، بۆیە ڕۆژووی لەسەر نییە بەڵام لە جێی هەر ڕۆژێك هەژارێك نان دەدات ، یان بە ژمارەی ڕۆژەکان هەژار کۆ دەکاتەوە بە یەکەوە ژەمێك خواردنیان پێ دەدات ، وە یان خواردنەکە دابەش دەکاتە سەر هەژارەکاندا بە گوێرەی ژمارەی ڕۆژەکان ، بۆ هەر هەژارێك چارەکە (صاع)ێك بە (صاع)ی پێغەمبەری خوا (واتە : کێشی نیو کیلۆ و دە غەرام لە گەنمی باش) وە باشتر وایە پێخۆرێك لە گەڵیدا بدرێت لە

گۆشت یان رۆن .

٢/ نەخۆشێك ئومێدی چاكبوونەوەی لیَ دەكرێت بەڵام رۆژووی لا گرانە و پیَ نارەحەت دەبێت ، هەروەها كەسی زەیسانی و ئەوەی لە سووڕی مانگانەدایە و ئەوەی شیر دەدات و موسافیر دەگرێتەوە ، بە ئەندازەی ژمارەی رۆژەكان كە نەیگرتبوو دەیگرێتەوە ئەگەر چاك بووەوە ، ئەگەر لە پێش چاكبوونەوەی مرد ئەوا لە سەری دەكەوێت.

هاتنی مانگی رەمەزان دەسەلمێت بە : ١/ بینینی مانگ ٢/ یان تەواوبوونی سی رۆژی شەعبان .

### ئەوانەی رۆژوو بەتاڵ دەكەنەوە

ئەو كەسەی نازانیَ یان لە بیری چووە یان ناچار دەكرێت بیانووی هەیە :

١/ خواردن و خواردنەوە بە قەصدی و هەركەسیَ لەبیری چوو رۆژووەكەی تەواوە.

٢/ جووت بوون : ئەگەر بە رۆژ بوو لە رەمەزاندا ، وە رۆژووەكە واجیب بوو لەسەری ئەوا كەفارەتێكی قورسی لەسەرە ، ئەویش ئازادكردنی كۆیلەیەكە ، ئەگەر نەیتوانی ئەوا رۆژووگرتنی دوو مانگە بەسەر یەكەوە ، وە ئەگەر نەیتوانی دەبیَ خواردنی شەست هەژار بدات .

٣/ دەرچوونی مەنی (ئاوی شەهوەت) بە یاریكردن لە گەڵ خێزانیدا یان ماچكردن یان باوش لێدان یان لە نمونەی ئەوانە.

٤/ ئەوەی جێی خواردن و خواردنەوە دەگرێتەوە وەكو موغەدی ، بەڵام ئەگەر موغەدی نەبوو ئەوا نایشكێنیَ .

٥/ دەرهێنانی خوێن لە رێگای كەڵەشاخەوە ، بەڵام دەرهێنانی كەمێك خوێن بۆ شیكاریكردن یان هەر مەبەستێكی تر ئەوا ئاساییە.

٦/ رشانەوە بە قەصدی .

٧/ دەرچوونی خوێنی سووڕی مانگانە و زەیسانی .

### سوننەتەكانی رۆژوو

١/ پارشێو كردن. ٢/ دواخستنی پارشێو.

٣/زوو بەربانگ كردن . ٤/ بەربانگ كردن بە چەند خورمایەكی تەڕ ، ئەگەر دەستی نەكەوت ئەوا بە چەند خورمایەكی وشك (قەسپ) و باشترە تاك بێت ، ئەگەر نەبوو بە چەند قومە ئاوێك و ئەگەر هیچی دەست نەكەوت ئەوا بە نیەت رۆژووەكەی دەشكێنیَ .

٥/ پاڕانەوە لە كاتی بەربانگ كردندا و لە كاتی بە رۆژوو بووندا . ٦/ زۆر ئەنجامدانی صەدەقە .

٧/ تێكۆشانی زیاتر لە ئەنجامدانی شەو نوێژدا .

٨/خوێندنەوەی قورئان. ٩/ ئەنجامدانی عومرە.

١٠/ وتنی (من بە رۆژووم) بە كەسێك جوێنی پێدا.

١١/ بە دوادا گەڕان و زیندووكردنەوەی شەوی (قەدر)

١٢/ ئیعتكاف كردن لە دە شەوی كۆتاییدا .

### مەكروهاتەكانی رۆژوو :

١/ زیادەڕەوی كردن لە ئاوهەڵدانە دەم و لووت .

٢/ تامكردنی چێشت بە بیَ پێویستی .

### رێگە پێدراوەكانی رۆژوو

تف قوتدان و تامكردن چێشت بۆ پێویستی و خۆشۆشتن و سیواك كردن و خۆ بۆن خۆشكردن و خۆ فێنككردنەوە .

### حەرام كراوەكانی رۆژوو

١/ بەڵغەم قوتدان بەڵام رۆژووەكەی بەتاڵ نابێتەوە.

٢/ ماچكردن بۆ كەسێك تەئمین نییە لەوەی رۆژووەكەی بەتاڵ ببێتەوە . ٣/ وتنی شایەتیدانی درۆ (ئەویش هەموو كارێكی حەرام دەگرێتەوە) ٤/ جەهالەت ( واتە نەفامی و نەبوونی لەسەرخۆیی) ٥/گەیاندن (وصال) واتە دوو رۆژ بەسەر یەكەوە بە رۆژوو بێت .

### رۆژووی سوننەت

١/ رۆژووی شەش رۆژ لە مانگی شەوال ، بۆ كەسێك رۆژووی رەمەزانی تەواو كردبێت ، باشتر وایە بەسەر یەكەوە بێت و لە دووەم رۆژەوە دەست پیَ بكات.

٢/ رۆژووی رۆژی عەرەفە بۆ جگە لە حاجیان.

٣/ رۆژووی رۆژی عاشورا ، لە گەڵ نۆیەم و یازدەیەمدا.

٤/ رۆژووی دوو شەممە و پێنج شەممە ، دوو شەممە دووپاتكراوترە.

٥/ رۆژووی سیَ رۆژ لە هەموو مانگێك ، باشتر وایە رۆژە

سپییەکان بێت (١٣ و ١٤و ١٥).

٦/ رۆژوو گرتنی رۆژێك و نەگرتنی رۆژێك.

٧/ رۆژووی مانگی (محرم).

٨/ رۆژووی نۆمینەی حاجیان (لە ١ی ذي الحجة ەوە تاکو نۆیەم رۆژ)

٩/ رۆژووی مانگی شەعبان بەڵام هەمووی ناگرێت.

## رۆژووی مەکروه

هەینی و شەممە و یەك شەممە بە تەنها ، بەڵام ئەگەر لەبەر هۆیەك بە تەنها  گرتی ئەوا ئاساییە وەکو رۆژووی عەرەفە.

## رۆژووی حەرامکراو

١/ رۆژووگرتنی رەجەب بە تەنها.

٢/ رۆژووی رۆژی گومان ، بەڵام ئەگەر کەسێك ویردێکی تایبەت بە خۆی هەبوو ئەوا ئاساییە.

٣/ رۆژووی رۆژی هەردوو جەژن.

٤/ رۆژووی رۆژەکانی تەشریق ئیللا مەگەر کەسێك (هەدی) نەبێت.

٥/ رۆژوو گرتنی هەموو ساڵەکە.

سوننەتە لە رۆژوو گێڕانەوەدا بە دوای یەکدا بێت و پەلە بکات و بە دانەوەی و لە پاش جەژنەوە دەست پێ بکات ، دروست نییە دوای بخات بۆ رەمەزانەکەی تر ، ئەگەر دوای خست بە بێ بیانوویەك ئەوا هیچی لەسەر نییە تەنها بە رۆژوو بوونی ئەوەی لەسەریەتی بەڵام تاوانبار دەبێت .

## سەرفیترە

واجیبە لەسەر هەموو موسڵمانێك کە رۆژی دوایین رۆژی رەمەزانی بەسەردا ئاوابوو وە پێخۆری رۆژی جەژن و شەوەکەی هەبێت ، بە ئەندازەی (صاع)ێك لەو پێخورەی دەیخوات بۆ هەر نەفەرێك –کە بە خێوکردنیانی لەسەرە– بداتە هەژاران و سوننەتە بۆ کۆرپەلەی ناو سکی دایکی بدرێت.

## حیکمەت لە سەرفیترە

١/ پاککردنەوەی رۆژووان لە قسەی زیاد و بەتاڵ.

٢/ بێنیازکردنی هەژاران لە داواکردن لە رۆژی جەژندا .

## کاتیّ دەرکردنی

١/ کاتی دروست پێش جەژنە بە رۆژێك یان دوو رۆژ.

٢/ کاتی سوننەت پێش نوێژی جەژنە لە پاش فەجر .

٣/ کاتی حەرام لە پاش نوێژی جەژنە .

## ئەندازەکەی

(صاع)ێك لە خواردنی ئەوەی خۆیان دەیخۆن ، بۆیە پارە جێی ناگرێتەوە و نابێت بە پارە بدرێت (وە ئەندازەکەی دوو کیلۆ و چل غەرامە لە گەنمێکی باش).

## نوێژی جەژن

فەرزی عەینە لە سەر هەموو کەسێك لە پاش خۆرهەڵات بە ئەندازەی رمێك ئەنجام دەدرێت تاوەکو کاتی زەوال ، ئەگەر کەسێك لە دەستی دەرچوو ناتوانێت بیگێڕێتەوە ، سوننەتە لە دەرەوەی شار بکرێت و دروستە لە مزگەوت بکرێت ، وە چەند خورمایەکی تاك بخوات لە پێش جەژن و خۆی پاك بکاتەوە و بۆنی خۆش لە خۆی بدات و باشترین جلوبەرگی لە بەر بکات و لە رێگایەکەوە بڕوات و لە رێگایەکی ترەوە بگەڕێتەوە ، ئاساییە پیرۆز بایی لە یەکتر بکەن بە وتنی (تقبل الله منا ومنكم) و سوننەتە (الله أكبر) بکات بە رەهایی لە شەوی جەژن و دوای نوێژەکان تاوەکو رۆژئاوابوونی رۆژی جەژن ، شێوازەکەی : (الله أكبر الله أكبر ، لا اله الا الله ، والله أكبر ، الله أكبر ، ولله الحمد) وە شێوازی نوێژەکە دوو رکاتە پێش وتارەکە ، لە رکاتی یەکەمدا شەش جار (الله أكبر) دەکات لە پاش (الله أكبر)ی ئیحرام ، وە لە رکاتی دووەمدا پێش خوێندنەوەکەی پێنج جار (الله أكبر) دەکات جگە لە (الله أكبر)ی هەستانەوە